

# مرۆڤ لە نێوان نان و ئازادیدا

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

دیارە قسەکردن لەسەر نان و ئازادی کارێکی هەروا ئاسان نییە. گرفتەکەش لەوەدایە کە هەردووکیان بە دوو پێداویستیی گرنگ و سەرەکیی ژیانی مرۆڤ دادەنرێن. گەر سەیری مێژووی مرۆڤایەتی بکەین، دەبینین هەموو کاتێک مرۆڤ بۆ دابینکردنی ئەم دوو پێداویستییە گرنگەی ژیانی، ململانێیەکی زۆر سەختی لەگەڵ سروشت و دەسەڵاتی سیاسیدا کردووە، لێ زۆر کات ململانێی زۆر توندیش لەنێوان ئەم دوو پێداویستییە گرنگەی ژیانیشدا هەبووە. مرۆڤ هەموو کاتێک نەیتوانیوە ئەم دوو پێداویستییەی پێکەوە دەست بکەوێت. جاری وا هەبووە نانی کردووەتە قوربانیی ئازادی یان بەپێچەوانەوە.

## کۆمەڵگەی سەرەتایی پرسی نان و ئازادی

من پێش ئەوەی بچمە ناوەرۆکی بابەتەکەوە، پێم خۆشە بە فلاشباگێک بۆ مێژووی مرۆڤایەتی بگەڕێینەوە، چونکە گەر زانیاریمان دەربارەی مێژووی بابەتەکان نەبێت، بۆچوونێکی ڕوونمان بۆ داهاتوو نابێت. یەکەمین کتێبی ئەنترۆپۆلۆژی کە خوێندبێتمەوە، کتێبە بەناوبانگەکەی ئەنجلس (بنەچەی خێزان و موڵکداری و دەوڵەت. اصل العائلة و الملكية الخاصة و الدولة. ١). ئەم کتێبە لە ڕووی فکری و سیاسییەوە زۆر کاری تێکردم. دەتوانم بەیەکێک لەو کتێبە گرنگانەی دابنێم، کە توانیبێتی ڕێرەوی ژیانم بگۆڕێت. ئەنجلس لەم کتێبەیدا کە زیاتر پشتی بە تیۆرێکەی لویس مۆرگان بەستووە، باسی چۆنێتیی دروستبوونی خێزان و سیستەمی دەوڵەتی دەکات. هەر لەم کتێبەوە منیش دەست پێدەکەم.

دیارە بەپێی بۆچوونی ئەنجلس، مرۆڤ لەسەرەتادا تاکێکی ئازاد بووە، هیچ پەیوەست بە ئایین، نەتەوەو دەسەڵاتی سیاسی نەبووە. ئەنجلس ئەم قۆناغە بە (کۆمۆنیزمی سەرەتایی) ناو دەبات. لەسەرەتادا مرۆڤ پێش هەموو شتێک زیاتر بەدوای نانداویڵ بووە و پرسی سەرەکیی نان بووە، چونکە ئەو کات خۆی کەسێکی ئازادبووە، بۆیە پرسی ئازادی هیچ بەلایەوە گرنگ نەبووە. بە هیچ شێوەیەک پابەندی سیستەمێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی نەبووە. لەبەر ئەوە مرۆڤ بە واتا ڕوونەکەی، کەسێک بووە کە لەوپەڕی ئازادی و سەربەخۆییدا، ژیانی بەسەربردووە. بەڵام لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە، کاتێک مرۆڤ لەوپەڕی ئازادیدا بووە، بۆچی هەر بەدەستی خۆی ئازادیی خۆی لەدەست داوە؟ یان بەواتایەکی تر بۆچی بەدەستی خۆی زیندانی بۆ خۆی دروستکردووە؟

مارکس پێی وابوو، کە دەوڵەت قەفەزی گەلانە. ئا لەوکاتەدا نە سنووری نەتەوەیی، نە ئایینی، نە مافی موڵکداری نەبووە، کەچی مرۆڤ هات ئەمانەی هەموو لەناوبردو خۆی بە کۆمەڵێک سنوور و زنجیر بەستەوە. یەکێک لە حیکمەتەکانی ئەم کارەی مرۆڤ ئەوەبووە، کە مرۆڤ بە ئەزموونی خۆی بۆی دەرکەوتووە، گەربێت و خۆی لەناو کۆمەڵێکدا ڕێکبخات لەوانەبێت دەستکەوتی باشتری هەبێت و کەمتر بەدوای ڕاودا وێڵ بێت. لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی و بەخێوکردنی ئاژەڵ و جێگیربوونی مرۆڤی سەرەتایی، مرۆڤ ئازادیی خۆی لەدەست دا. مرۆڤ لە ڕێگای کشتوکاڵ و ئاژەڵ بەخێوکردن و جێگیربوونی لە شوێنێکدا، کۆمەڵێک دەستکەوتی گرنگی دەستکەوت. توانیی لە ڕێگای کشتوکاڵەوە نان بۆ خۆی پەیدابکات، گۆشتی ئاژەڵی دەستبکەوێت، لەهەمان کاتیشدا پرسی ئاسایشیش کە یەکێک بووە لە پرسە گەورەکان، ئەویشی بۆ دابینکرا، بەڵام لە بەرامبەر ئەمانەدا، مرۆڤ کۆمەڵێک دەستکەوتی گرنگی لەکیس خۆی دا. لەپێش هەموویانەوە لەدەستدانی ئازادیی خۆی. دیارە ئەمەش بە ویستی خۆی بووە، واتە کەس بەزۆر ئەو مافەی لێ نەسەندووەتەوە. پاشان کاتێک خۆی خستە ناو کۆمەڵگەی جێگیرەوە، بەناچاری ملکەچی کۆمەڵێک یاساو سیستەمی جۆراوجۆربوو. دیارە چ ئایین، یان یاسا و عادات و تەقالید، سەرەتا هەموو ئەمانە بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ دروست بوون. ئایین، زیاتر هەوڵی کۆکردنەوەو بەستنەوەی کۆمەڵگەو لە ڕووی ڕۆحیشەوە

لەسەرەتادا مرۆڤ پێش هەموو شتێک زیاتر بەدوای نانداویڵ بووە و پرسی سەرەکیی نان بووە، چونکە ئەو کات خۆی کەسێکی ئازادبووە، بۆیە پرسی ئازادی هیچ بەلایەوە گرنگ نەبووە

## زۆرجار مرۆڤ لەبەر خاتری ئازادی، وازی لە نان هێناوە، یان بە پێچەوانەوە لەبەر نان وازی لە ئازادی هێناوە

تێری کردووە، کە ئەمەش پێداویستییەکی گرنگ بووە. پاشان بۆ ڕێکخستن و پێکەوە ژیانی ئەم کۆمەڵگەیەش، مرۆڤ بەدەستی خۆی کۆمەڵێک یاساو نەریتی کۆمەڵایەتیی داهێناوە. هەر بەدەستی خۆشی سەرۆک، خێڵ، پاشان دەوڵەتیشی دروستکردووە. ئەمانە هەمووی پێداویستی بوون بۆ مرۆڤ بەتایبەت هەردوو پێداویستیی (ئاسایش، دڵنیایی) بە مرۆڤ بەخشیوە. بەڵام پاشتر هەموو ئەمانە بوونەتە زنجیرێک و لە ملی ئاڵاندووە، بەتایبەت کاتێک کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی قۆناغێکی نوێی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، هەموو ئەم یاسا و نەریتە کۆنانەی دەبنە ڕێگر لێی. لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەت، سەرۆک و سوپا و دامودەزگای کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە (یاسا، زیندان، پۆلیس، باج و سەرانە)ش دروستبوون. مرۆڤ ئەمجارەیان لەو شتانەی کە خۆی دروستی کردبوون یاخی بوو، بۆ ئەوەی جارێکی تر ئازادیی خۆی دەستبکەوێتەوە، دەستی بە شۆڕش و ڕاپەڕین و جەنگی لە دژی ئەو سیستەمە کرد، ئەمەش سەرەتای دروستبوونی قۆناغیکی نوێی مێژووی مرۆڤایەتی بوو. کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیش بوو بە دوو چینەوە، چینێکی دەسەڵاتدار، کە ژیانی لەسەر چەوساندنەوەو زەوتکردنی ئازادیی خەڵکی تربوو. لەبەرامبەر چینێکی بێ دەسەڵات، کە خەباتی لە دژی کۆیلایەتی و سەندنەوەی مافی سروشتی خۆی کە بریتی بوو لە ئازادی. هەر لەو کاتەوە ئەم دوو چینە هەتاوەکو ئەمڕۆش، لە ململانێ و جەنگێکی بەردەوامدان. شۆڕشە مەزنەکەی سپارتاکۆس لە یۆنانی کۆن، ئامانجی سەرەکیی بەدەستهێنانی ئازادی و نەهێشتنی سیستەمی کۆیلایەتی و ڕووخانی سیستەمی سیاسی و ئایینیی ئەوکاتی یۆنان بوو. زۆرجار مرۆڤ لەبەر خاتری ئازادی، وازی لە نان هێناوە، یان بە پێچەوانەوە لەبەر نان وازی لە ئازادی هێناوە. ئازادی و نان، هۆکاری سەرەکیی هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینێک بوون.

یەکێک لەو چیرۆکانەی کە زۆر کاری تێکردم، چیرۆکی ڕاپەڕینی جووتیارانی هەنگاریایە. کاتێک لەساڵی ١٤٩٠دا ئیمپراتۆریەتی نەمساوی و هەنگاری، ڕووبەڕووی هێرشی توورکەکان دەبنەوە، لەبەر ئەوە چەک بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش دەکەن، بۆ ئەوەی بەرەنگاری توورک ببنەوە. لێ جەنگاوەرێکی هەژاری هەنگاری بەناوی جیورجی دوزا، دەڵێت (خۆ هێشتا تورک زۆر دوورن لە ئێمەوە، بۆچی جارێک خۆمان لە دەستی ئەم دەرەبەگ و میرە چەوسێنەرانە ڕزگار نەکەین؟) خەڵکی دوای دەکەون ئەویش سەرۆکایەتیی ڕاپەرینەکە دەکات. لێ پاش ماوەیەک ڕاپەرینەکە سەرکوت دەکرێت و جیورجی دوزا لەگەڵ هاوەڵەکانی بە دڕندەترین شێوە دادگایی دەکرێن. بۆ ماوەی دوو هەفتە خۆی و هاوەڵەکانی برسی دەکرێن، پاشان جیورجی دەهێنن و لەناو گورەپانێکدا ئاگرێک دەکەنەوەو دەیکەن بە شیشدا، پاشان هاوەڵەکانی خۆی لەبرساندا گۆشتەکەی دەخۆن٢. لەکاتێکدا ئەمان هەموویان خەباتیان بۆ ئازادی دەکرد، لێ برسێتی زۆری بۆ هێنان، ناچاری کردن گۆشتی رابەرەکەیان بخۆن. ئەم چیرۆکە زۆر کاری تێکردم. لەلایەک دڕندەیی میرانی ئەورووپی دەردەخات، لە لاکەی تریشەوە پرسی نان و ئازادی، یان بەواتایەکی تر چۆنێتیی بڕیاردانی مرۆڤ بەرامبەر ئەم دوو پرسە دەردەخات.

لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەت، سەرۆک و سوپا و دامودەزگای کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە (یاسا، زیندان، پۆلیس، باج و سەرانە)ش دروستبوون. مرۆڤ ئەمجارەیان لەو شتانەی کە خۆی دروستی کردبوون یاخی بوو، بۆ ئەوەی جارێکی تر ئازادیی خۆی دەستبکەوێتەوە، دەستی بە شۆڕش و ڕاپەڕین و جەنگی لە دژی ئەو سیستەمە کرد، ئەمەش سەرەتای دروستبوونی قۆناغیکی نوێی مێژووی مرۆڤایەتی بوو



زۆرجار رژێمە دیکتاتۆرییەکان هەوڵیان داوە لە ڕێگای دابینکردنی نانەوە، پرسی ئازادی لەبیر خەڵکی بەرنەوە. بیسمارک کە بە باوکی ئەڵمانیا دەژمێرێت، ئەو توانیی هەموو ئەڵمانیا یەکبخات و بیکاتە دەوڵەتێکی مۆدێرن و پێشکەوتووی ئەورووپا، لێ ئەم پیاوە لەناوخۆدا پەیڕەوەی سیاسەتێکی پۆلیسی و سەرکوتی دەکرد

## سیاسەتی نانشەکرو قامچی

زۆرجار رژێمە دیکتاتۆرییەکان هەوڵیان داوە لە ڕێگای دابینکردنی نانەوە، پرسی ئازادی لەبیر خەڵکی بەرنەوە. بیسمارک کە بە باوکی ئەڵمانیا دەژمێرێت، ئەو توانیی هەموو ئەڵمانیا یەکبخات و بیکاتە دەوڵەتێکی مۆدێرن و پێشکەوتووی ئەورووپا، لێ ئەم پیاوە لەناوخۆدا پەیڕەوەی سیاسەتێکی پۆلیسی و سەرکوتی دەکرد. یەکێک لەو تێزانەی کە دایهێنا ( Zuckerbrot und Peitscheسیاسەتی نانشەکرو قامچی) بوو. بیسمارک پێی وابوو هاوولاتی وەکو منداڵێک وایە بە دەستێک دەتوانیت لێی بدەیت و بە دەستکەی تر شیرینییەکی بدەیتی، ئاشتی بکەیتەوە. بیسمارک لەلایەک پەلاماری گروپە چەپ و لیبراڵەکانی دەدا، هەوڵی بەرتەسککردنەوە و نەهێشتنی ئازادیی سیاسی و ڕۆژنامەگەریی دەدا، لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵێک یاسا و سیستەمی کۆمەڵایەتیی باشی دانا، بۆ کەمکردنەوەی باری خراپی هەژاران کە بە Sozialgesetzgebung دەناسرێت. ئەم یاسایە بریتی بوو لە دروستکردنی کارتی دڵنیایی (تەندروستی، نەخۆشی، پیری) بۆ کرێکاران و هەژاران. ئەمەش بە سەرەتای سیستەمی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاریی ئەڵمانی دەژمێرێت٣. دیارە ئامانجی بیسمارکیش لەم سیاسەتەدا دیاربوو، دەیویست کرێکاران و هەژاران بۆ لای خۆی رابکێشێت و دژایەتیی کۆمۆنیست و سۆسیال دیموکراتەکان بکات. تاڕادەیەکی باشیش سەرکەوتووبوو. ئەم سیاسەتەی بیسمارک، بوو بە بەردی بناغەی هەموو رژێمێکی دیکتاتۆری لە جیهاندا. سەدامیش توانیی سیستەمێکی خزمەتگوزاریی باش و کارتی بایەعی بەخەڵکی بدات، کە ئەمەش وەکو حەبێکی هێورکردنەوە وابوو بۆ خەڵکی، بەڵام لە بەرامبەردا بەدەستەکەی تر قامچییەکی بەدەستەوەبوو، هەرچی دەمی بکردایەتەوەو باسی ئازادیی بکردایە، واوەیلا لە حاڵی.

## شۆڕش لەنێوان نان و ئازادیدا

کاتێک شۆڕشی رووسی بەرپابوو، لینین کە ڕابەری شۆڕشەکە بوو، دروشمی (نان، کار، ئازادی)ی بەرزکردەوە. پاشتر ئەمە بوو بە دروشمی هەموو کۆمۆنیستەکانی جیهان. لێرەدا لینین پرسی نانی خستبووە پێش ئازادییەوە، بەڵام ئایا نان لە پێش ئازادییە یان بە پێچەوانەوە؟ رووسەکان لەکاتی یەکێتیی سۆڤێتدا، لە ڕووی نانەوە هیچ برسی نەبوون، لە ڕووی کار و خزمەتگوزاریشەوە زۆر دۆخیان باش بوو. کەس بێکار نەبوو، نەخۆش بە باشترین شێوە بێ بەرامبەر چارەسەر دەکرا. پیر ترسی کەوتنە سەرجادەی نەبوو. کەس سواڵکەر و هەژار نەبوو. حکومەت هەموو ئەم شتانەی بۆ خەڵکی دابین کردبوو. لە ڕووی سیاسیشەوە یەکێک بوو لە دەوڵەتە مەزنەکانی جیهان و بەبێ ئەو سیاسەتی جیهانی نەدەبرا بەڕێوە، بەڵام هێشتا خەڵکی ناڕازی بوون. پاش حەفتا ساڵ خەڵکی رووسی بەدەستی خۆیان ئەم ئیمپراتۆریەتە مەزنەیان رووخاند. ئەو ئیمپراتۆریەتەی کە پێشتر خۆیان بەدەستی خۆیان دروستیان کردو گیانیان بۆی فیداکرد، کەچی هەرخۆشیان رووخاندیان. بەڵام بۆچی وایان کرد؟ لێرەدا جەنابی (ئازادی) دێتە وەڵام. رووسەکان هەموو شتێکیان هەبوو، تەنها یەک شتیان نەبوو، ئەویش ئازادی بوو.

## راستە مرۆڤی ئەورووپی لە زۆر ڕووەوە ئازادە، بەڵام لە ڕووی ژیانی ئابوورییەوە ئەو ئازادییەی نییە

گەر رووسێک ئازاری ددانی بوایە، باشترین دکتۆر چارەسەری دەکرد، تەنانەت لە هەندێک شوێن ددانی ئاڵتوونیشیان بۆی دادەنا. بەڵام گەر رووسێک دەمی بکردایەتەوەو باسی ئازادیی بکردایە، ئەوا نەک ددان، بەڵکە زمانیشیان لەبنەوە دەبڕی. ئایا دەم تەنها بۆ خواردن کراوە یان بۆ قسەکردنیش؟ هەر لە توولە ڕێگای ئەم پرسیارە ئاڵۆزەشەوە دەچینە سەر شا ڕێگای پرسیاری (ئازادی و نان کامیان بۆ مرۆڤ گرنگن؟). هەروەک چۆن وەڵامی پرسیاری یەکەم ئاڵۆزە، بەهەمان شێوەش وەڵامی پرسیاری دووەم ئاڵۆزترە. بە بڕوای من هەموو کاتێک مرۆڤ بەدوای وەڵامی ڕاستی ئەم پرسیارەدا وێڵە و ناتوانێت وەڵامی دروستی بداتەوە. ڕووخانی یەکێتیی سۆڤێت بەدەستی ئەمریکاییەکان نەبوو، بەڵکە دەرئەنجامی شۆڕشێکی گەورەی رووسەکان بوو لە دژی ڕژێمی سۆڤێتی. رووسەکان لە رووی جەستەییەوە برسی نەبوون، بەڵام لە رووی ڕۆحییەوە برسی بوون.

### پرسی نان و ئازادی لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا

ئێمە کاتێک کە چووینە ئەورووپا، وامان دەزانی مرۆڤی ئەورووپی لە هەموو ڕوویەکەوە ئازادەو هیچ سنوورێک یان ڕێگرێک نییە بۆ خواست و پێداویستییەکانی مرۆڤ. کەچی بەم شێوەیەش نەبوو. ئەمڕۆ ڕاستە مرۆڤ لە ڕۆژئاوا لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ئازادە. ڕاستە هیچ کەسێک لەسەر بۆچوونی سیاسی یان فکری سزا نادرێت. لەجیاتی پارتێک سەدان پارت، ڕێکخراو، کۆمەڵی جۆراوجۆر هەیە. لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، لە زۆر کۆسپ و ڕێگر ئازادبووە. لە ڕووی ئایینییەوە کەس بۆی نییە کەسێکی بێ باوەڕ یان ناکریستی سزابدات. یان لە ڕووی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەتایبەت (نێرو مێ) ئازادە. بەڵام لەهەمان کاتیشدا لە ڕێی کۆمەڵێک یاساو ڕێسای ترەوە بەستراوەتەوە، بەتایبەت لەڕووی ئابوورییەوە. من یەکەمجار کە گەیشتمە ئەڵمانیا لە کارگەیەک کارم دەکرد، کاتێک کە شێفەکە دەهات، بەجارێک کرێکارەکان ترسیان لێدەنیشت و دەستیان دەکرد بە ماستاوکردن بۆی. کەسیان نەیان دەوێرا لەبەردەمیدا جگەرەبکێشن، چونکە ڕقی لە جگەرە بوو. من هیچ گوێم بە شێفەکە نەدەدا و جگەرەی خۆم دەکێشا. ڕۆژێکیان کە هاتینە دەرەوە مەفرەزەیەکی پۆلیس ڕاوەستابوون، من هەر لە خۆمەوە کەمێک ترسام. پۆلیس لای ئێمە وێنەیەکی ترسناکی هەیە، ئەم وێنە ترسناکەش تا ماوەیەکی زۆر لە دڵمان نارەوێتەوە. برادەرە ئەڵمانەکەم هەستی پێکردم، لێی پرسیم بۆ وا لە پۆلیس دەترسیت؟. هەرچەندە من ئەو قسەیەم نەسەلماند، بەڵام ترسەکە بە دەموچاومەوە دیاربوو. ئەو لە شێفەکە دەترسا، چونکە بژێویی ژیانی لای ئەوبوو، وەلێ لای من شێفەکە هیچ ترسی نەبوو، بەڵام پۆلیسەکە وێنەیەکی ترسناکی هەبوو. لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێم، ڕاستە مرۆڤی ئەورووپی لە زۆر ڕووەوە ئازادە، بەڵام لە ڕووی ژیانی ئابوورییەوە ئەو ئازادییەی نییە. ئەمڕۆ کەسێکی ئەورووپی باشترین نانی هەیە، باشترین جلوبەرگ و ڕەفاهەیتی ژیانی هەیە، هەموو ساڵێک سەفەرێکی دەرەوە دەکات، ناوماڵی باشی هەیە، ماشینێکی مۆدێرنی هەیە، بەڵام بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافانە، بەناچاری یان خۆبەخشانە، بەشێک لە ئازادیی خۆی تەسلیمی سیستەمی ئابووری کردووە. ئەمڕۆ هەموو کەسێک



سەدام توانیی سیستەمێکی خزمەتگوزاریی باش و کارتی بایەعی بەخەڵکی بدات، کە ئەمەش وەکو حەبێکی هێورکردنەوە وابوو بۆ خەڵکی، بەڵام لە بەرامبەردا بەدەستەکەی تر قامچییەکی بەدەستەوەبوو، هەرچی دەمی بکردایەتەوەو باسی ئازادیی بکردایە، واوەیلا لە حاڵی

له رۆژئاوا، بەکۆمەڵێک یاساوە بەستراوەتەوە. ئەو یاسایانە بە زۆرەملی بەسەریا نەسپێنراون بەڵکە بە ویستی خۆی هەڵیبژاردوون. لێرەدا پەنا دەبەینە بەر فەیلەسووف و زانای مەزن ئەریک فرۆم. ناوبراو پێناسەیەکی جوانی بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگەی مۆدێرن کردووە٤. ئەو پێی وایە مرۆڤی مۆدێرن بۆتە کۆیلەی کاڵاو شمەکە زۆرەکانی ئەمڕۆ، کە بە مرۆڤی (جێژپەرست) وەسفی دەکات. لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، مرۆڤ وای لێهاتووە هەموو ئیرادەو بیری خۆی تەسلیمی سیستەمی ئابووری کردووە. ئەو زیاتر لە شرۆڤەکانیدا، ترسناکیی کۆمەڵگەی بەکاربەر Konsumgesellschaft دەخاتە ڕوو. فرۆم پێی وایە مرۆڤی مۆدێرن بۆتە کۆیلەی کۆمەڵگەی بەکاربەر. فۆرم دەڵێت: (دێوەزمەی کۆمەڵگەیەکی تەواو میکانیزمە، کە ئامانجەکەی بەرهەمهێنانی زۆر و خەرجکردنی زۆرەو لە ڕێگای کۆمپیوتەر و مەکینەکانی ژمێریاریدەوە بەڕێوەدەبرێت، لەنێو ئەم کۆمەڵگەیەدا، مرۆڤ بۆتە برغۆیەک لەم ماشینە، کە خۆش خۆراکە، خۆش ڕادەبوێرن، بەڵام سەرەڕای ئەمەش حاڵەتێکی پاسیڤی هەیە، مردووەو هەستی نەماوە. ل١١). فرۆم کۆمەڵگەی مۆدێرن بە Mage Machine مێگا ماشین وەسف دەکات. ئەو زیاتر لە بەمەکینەبوونی کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوەو پێی وایە سیستەمی ئابووری، هەموو ئازادییەکانی لە مرۆڤ سەندۆتەوە. هەربۆیە دەڵێت: ئایا دەبێت ئێمە بۆ ئابوورییەکی تەندروست، مرۆڤی نەخۆش پەروەردە بکەین؟. ئایا دەبێت تەنها بۆ باشکردنی ڕێکخراوەکانمان تاک حاڵەتێکی پاسیڤ و گرێدراو ناسەربەخۆی هەبێت؟.ل١٤). مەسەلەی نقومبوونی مرۆڤی مۆدێرن لەناو شمەکی بازاڕی زۆردا، ترسێکی گەورەیە بۆ سەرکۆمەڵگا. فرۆم دەڵێت: (مرۆڤ لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا دەبێتەوە منداڵێکی شیرەخۆری هەتاهەتایی، کە بۆ خواردن هەمیشە دەمی کراوەیە و بۆ ئەم خواردنەش نە هەوڵدانێکی هەیە و نە چالاکیی دەروونی.ل٧٢). هەر ئەم دیاردەیەش ترسی لەدەستدانی ئازادی و سەربەخۆیی مرۆڤی هەیە. لەم کۆمەڵگەیەدا مرۆڤ هەموو ئیرادەو هۆشی لێ سەنراوەتەوە. هەموو بڕیارێکی لێ زەوتکراوە. ئەو باسی نامۆبوونی مرۆڤی مۆدێرن یان گوێ پێنەدان و خەمساردیی ژیان لەلای کۆمەڵگە مۆدیرنەکاندا دەردەخات. ئەمرۆ لە رۆژئاوا، چ ڕاست بێت یان چەپ بێت، هیچ لە ژیانی کرێکارێکی سادە ناگۆڕێت. لەبەر ئەوە زۆرجار بەشێکی ئێجگار کەمی خەڵکی بەشداریی پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن. خەمساردی بەتایبەت لە ڕووی سیاسییەوە، بۆتە سیمایەکی سەرەکیی ژیانی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان.

## ئایا مرۆڤ تەنها بۆ نان ئامادەیە واز لە ئازادی بهێنێت یان بۆ شتی تریش؟

زۆرجار نەک لەبەر نان، بەڵکە لەبەر شتی تر بۆ نموونە (ئاسایش، دڵنیایی) مرۆڤ ئامادەبووە واز لە هەندێک ئازادییەکانی بهێنێت. لە پاش ١١ی سێپتەمبەر، لە ئەمریکا کۆمەڵێک یاسای پۆلیسییان دانا، کە مافە تایبەتییەکانی مرۆڤ پێشێل دەکات و بەشێکی زۆری ئازادییە تایبەتییەکانی مرۆڤ لەدەستی دەدا. بەڵام بەشێکی زۆری ئەمریکاییەکان ئەم یاسایانەیان قبووڵ بوو. یان لە بەریتانیا، کە زۆرترین کامێرای پۆلیسی لە جیهاندا لێیە، کەچی بەریتانییەکان بەلایانەوە زۆر ئاساییە. ئایا ئەمە

**ئەمریکایی و ئەوروپاییەکان، هەرچەندە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا ئەوپەڕی ئازادن، کەچی ئەوان لە حکومەتەکانیان ڕازی نین**

هۆکەی چییە؟ لێرەدا ڕەگەزێکی تر دێتە ئاراوە ئەویش (ئاسایش و دڵنیایی). بەشێکی زۆری بەریتانی و ئەمریکاییەکان ئامادەبوون، بەشێکی زۆری ئازادی و مافە تایبەتییەکانیان واز لێبهێنن، لەبەرامبەر دەستکەوتنی (ئاسایش و دڵنیایی). واتە مرۆڤ ئامادەییە نەک لەبەر نان، بەڵکە لەبەر دڵنیایی و ئاسایشیش، قوربانی بە بەشێک لەئازادیی خۆی بدات.

## ئایا پێشکەوتنی گەلان بە نانەوە بەندە یان بە ئازادییەوە؟

لەنوێترین ڕاپۆرتیدا گۆڤاری شپیگلی ئەڵمانی ئاشکرای کردووە، کە چینییەکان لە پلەی یەکەمی ئەو گەلانەدا دێن، کە لە حکومەتەکەیان ڕازین. ڕێژەی ٨٧٪ی چینییەکان لە پێشکەوتن و سیاسەتی حکومەتەکەیان ڕازین. کەچی تەنها لە ٢٠٪ی ژاپۆنییەکان، ٢٦٪ فەرەنسییەکان، ٣٠٪ ئەمریکاییەکان، ٣١ ٪ ئینگلیزەکان، ٣٩٪ ئەڵمانەکان لە سیاسەتی حکومەتەکانیان دڵخۆشن و ڕازین٥.

زۆرجار لە میدیاکانی ڕۆژئاوادا، چین وەکو زیندانێکی گەورە وەسف دەکرێت، بەڵام واپێدەچێت بەو شێوەیەش نەبێت کە ڕۆژئاوا وەسفی دەکات. بەڵام ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە، کە ئەویش چ ئەوروپییەکان یان ئەمریکاییەکان، لە چینییەکان لەزۆر ڕووەوە ئازادترن. بەڵکە لە چین هیچ شتێک نییە ناوی هەڵبژاردن و سیستەمی دیموکراسی بێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا چینییەکان ئەم دۆخەیان پێ باشە. ئەم ڕاپۆرتەی شپیگیل زۆر شتی نوێی خستە مێشکمەوە. دیسانەوە بە قووڵی پرسیاری نان و ئازادی خۆی دووبارە کردەوە. لە حاڵەتێکدا کە چین پارتێکی سیاسی و ڕژێمێکی دیکتاتۆری حوکمی دەکات، لە ئەوروپا و ئەمریکاش کۆمەڵگەیەکی ئازاد و سیستەمێکی دیموکراسیان هەیە. کەچی چینییەکان زۆر ڕازین، هەرچەندە لەڕووی سیاسیشەوە ئازاد نینن، بەڵام ئەمریکایی و ئەوروپاییەکان، هەرچەندە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا ئەوپەڕی ئازادن، کەچی ئەوان لە حکومەتەکانیان ڕازی نین.

دیارە کۆمەڵێک فاکتەریش ڕۆڵیان لەم دەرئەنجامەدا هەیە. لەوانەبێت پێتان سەیربێت، کاتێک دوو چینی کە یەکتر دەبینین، لە کاتی سڵاو لەیەکترکردندا، بەیەکتری دەڵێن (نانت خواردووە؟) ئەوەی بەرامبەر گەر وەزعی باش بێت دەڵێت (بەڵێ، خواردوومە) ئەگەر خراپ بێت دەڵێت نەخێر نەمخواردووە٦. گەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی چین، دەبینین نەک جارێک، بەڵکە سەدان جار تووشی برسێتی و نەهامەتیی گەورەبوون. بەتایبەت لە سەردەمی ماودا، دووچاری برسێتییەکی گەورەبوونەوە. هەربۆیە یەکەمین شت لای چینییەکان پرسی نانخواردنە نەک ئازادی.

## دەرئەنجام

دیارە پرسی نان و ئازادی دوو پرسی گرنگن چ لە ڕووی فکری یان سیاسییەوە، مێژوویەکی دوورو درێژیان هەیە. هەر کۆمەڵگەیەک و خۆی بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەم پرسە گرنگە دەدات. لەوباوەڕەشدا نیم بتوانین سیستەمی وڵاتێک بۆ کۆمەڵگەیەکی تر بسەپێنین، بەڵام دەتوانین سوود لە ئەزموونی یەکتری وەربگرین. ڕووسەکان کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا خەباتیان لە



فرۆم دەڵێت: (مرۆڤ لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا دەبێتەوە منداڵێکی شیرەخۆری هەتاهەتایی، کە بۆ خواردن هەمیشە دەمی کراوەیە و بۆ ئەم خواردنەش نە هەوڵدانێکی هەیە و نە چالاکیی دەروونی

## وتار

دژی قەیسەر کردو رووخانیان، توانییان نان و خزمەتگوزاریی باشیان دەستکەوێت، بەڵام لە کۆتایی سەدەی پێشوودا، دیسانەوە خەباتیان کرد و رژێمی سۆڤێتیان ڕووخان، بۆ ئەوەی ئازادییان دەستبکەوێت. (هەرچەندە ئێستا بەشێکی زۆری رووسەکان خەون بە سۆڤێتەوە دەبینن.!)
چینییەکان رژێمێکی یەک پارتی و نادیموکراتییان هەیە. هیچ جۆرە ئازادییەکی سیاسی و فەرهەنگییان نییە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا لە حکومەتەکەیان ڕازین. لە بەرامبەردا ئەورووپی و ئەمریکایی، لە زۆر ڕووەوە ئازادن، بەڵام لە رووی ئابوورییەوە ژیانیان خراپە، هەربۆیە لە حکومەتەکانیان ناڕازین. هەموو ئەمانە مێشکمان جەنجاڵ دەکات و خۆشمان نازانین ئایا مرۆڤ چیی دەوێت؟ یان بەواتایەکی تر کەی مرۆڤ ڕازی دەبێت؟
دیارە نیازی من لەم وتارەدا ئەوە بوو کە کۆمەڵێک پرسیار لای خوێنەر بوروژێنم بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی زیاتر بەدوای فاکتەرە زۆرەکانی ئەم پرسیارەدا بگەڕێت، لەهەمان کاتیشدا چەند ئەزموون و شرۆڤەیەکی گشتی پیشانی خوێنەر بدەم، لەوانەبێت سوودیان بۆ گەڕان بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا هەبێت. من لەو باوەڕەدا نیم کە ئەرکی نووسەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بێت، بەڵکە نووسەر هەوڵی ئەوە دەدات کلیلی پرسیارێک بکاتەوەو شرۆڤەیەکی باش پێشکەش خوێنەر بکات. ئەوە ئەرکی خوێنەرە کە دەبێت خۆی بەدوای وەڵامدا بگەڕێت، چونکە گەر نووسەر وەڵامێکیش بنووسێت، باوەڕ ناکەم هەموو خوێنەرێک باوەڕی تەواوەتییبە وەڵامەکەی ئەو بکات، هەربۆیە باشترە خوێنەر خۆی هەوڵی گەڕان بەدوای وەڵامدا بدات.


**سەرچاوەکان:**

١.اصل العائلة و الملكية الخاصة والدولة، فردريک انجلس، ترجمة الياس شاهين، دار التقدم، موسكو، ١٩٨٨
٢.نذير جزماني. الاشتراكية والشيوعية من ٥٠٠ ق.م الى ماقبل ماركس، الدار الكنوز العربية، الطبعة الاولى، بيروت، لبنان، ٢٠٠٠. ص.٨٣
٣. ئەریک فرۆم، شۆڕشی ئومێد، وەرگێڕانی هەژار جوانڕۆیی، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٤.Zuckerbrot und Peitsche. Bismarck politik. www.Wikipedia. Deutsche. org
٥.گۆڤاری شپیگلی ئەڵمانی.
Christian Teevs. Chinas Wunderwirtschaft stoesst an ihre Grenzen.
www.Spiegel.de.. ٢٠١١ ,٠١ ,٠٤
٦.ئەردەڵان عەبدوڵڵا، چین زلهێزی نوێی جیهان، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠، لاپەڕە ٥١.